# هەمووتان سەرپەرشتیار وبەرپرسیارن ، وهەریەکێکتان بەرپرسیارە بەرامبەر ژێردەستەکەی

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله علیه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەمووتان سەرپەرشتیار وبەرپرسیارن ، وهەریەکێکتان بەرپرسیارە بەرامبەر ژێردەستەکەی: دەسەڵاتدار بەرپرسیارە بەسەر خەڵکیەوە وبەرپرسە لەسەریان، وپیاو بەرپرسیارە لەسەر خێزانەکەی وبەرپرسە لەسەریان، وئافرەت بەرپرسیارە لەسەر ماڵی مێردەکەی ومنداڵەکانی وبەرپرسە لەسەریان، وبەندە -کۆیلە- بەرپرسیارە لەسەر ماڵی گەورەکەی وبەرپرسە لەسەریان، وهەمووتان بەرپرسیارن وبەرپرسن لەسەر ژێردەستەکانتان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەموو مسوڵمانێك بەرپرسیارە وئەرکی لەسەر شانە دەبێت ڕەچاویان بکات و لەئەستۆیان بگرێت: پێشەوا وکاربەدەست بەرپرسیار وسەرپەشتیارە لەسەر ئەوانەی خوای گەورە کردوویەتی بە بەرپرسیار لەسەریان، دەبێت شەریعەتەکەیان بپارێزێت وجێبەجێی بکات، وبیانپارێزێت لەوانەی ستەمیان لێدەکەن، ودەبێت جیهاد بکات دژی دوژمنەکانیان، ونابێت مافەکانیان پشتگوێ بخات. پیاو بەرپرسیارە لەسەر خێزان ومنداڵەکانی لە جێبەجێکردنی مافەکانیان، وجوانی مامەڵەکردن لەگەڵیان، وفێرکردنیان وپەروەردەکردنیان. ئافرەت بەرپرسیارە لەسەر ماڵی مێردەکەی ومنداڵەکانی ئەمیش بە جوان بەڕێوەبردنی ماڵەکە، وپەروەردەکردنی منداڵەکانی، ئەم بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆی ئەودایە. بەندە -کۆیلە- بەرپرسیارە لەسەر ماڵی گەورەکەی لە پاراستنی ئەوەی لەنێو دەستیدایە، وخزمەتکردنی، ئەم بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆی ئەودایە. هەموو یەکێك بەرپرسیارە دەرهەق بەئەوەی لەژێر دەستیدایە، ولێپرسینەوەی لێدەکرێت لەسەریان.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee